## یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان
## بە پێشێلکاری یاسایی دەستی پێکرد

ئەمڕۆ ٢٠١٨/١١/٦ یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی پێنجەمی پەرلەمان ئەنجامدرا، ئەمە لەکاتێکدایە وێڕای ئەو هەموو تێبینیەی لەسەر هەڵبژاردنەکەو میکانیزمی کاری کۆمسیۆن و دادگای هەڵبژاردنەکان هەبوو سەبارەت بەو ساختەکاریانی هەم لیستە باڵادەستەکان لەساتی هەڵبژاردنەکان لەیەکتریان کرد و هەم لەنێو خودی یەك لیستیشدا لە کاندیدەکان کرا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خەڵکی کوردستان چاوی بڕیوەتە ئەو پەرلەمانە کە بەبەرنامەیەکی تازەوە بێتە مەیدان و حکومەتێك دروستبکات کە لەو هەموو قەیرانەی رووی لە هەرێم کردووە رزگاریان بکات.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی تێبینی کرا لەیەکەم دانیشتنی دەستپێکدا کۆمەڵێك پێشێلکاری لە یاساکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا کرا:

١–بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبوایە هەر ئەمڕۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان (سەرۆك و هەردوو جێگری یەکەم و دووەم) هەڵبژێردرایە، بەڵام جگە لە مەراسیمی سوێندخواردنی پەرلەمانتاران هیچی تر نەکراو دانیشتنەکە بە کراوەیی هێڵدرایەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەپێی مادەی یەکەمی پەیرەو دانیشتنی پەرلەمان لە شەو و رۆژێکدایەو ناکرێت دانیشتن بەکراوەیی بهێڵدرێتەوە، ئەمەش یەکەم پێشێلی پەیرەو بوو لەلایەن خولی پێنجەمی پەرلەمانەوە ئەنجامدرا.

٢–بەپێی مادەی (٢١) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبوایە لیژنەیەك سەبارەت بە دروستی ئەندامێتی ئەندامانی پەرلەمان پێك بهێنرێت، بۆ پێداچوونەوەی ئەو تانانەی لەسەر دروستی ئەندامێتی پێشکەشکراون. ئەمەش پێشێلێکی تری پەیرەو بوو.

٣–بەشێك لەپەرلەمانتاران لەساتی سوێند خواردنەکەدا پەیوەست نەبوون بەو دەقە یاساییەی سوێند کە لە مادەی (١٢)ی پەیڕەودا هاتووە.

٤–لەساتی خستنە دەنگدانی پێشنیاری دواخستنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، چەند ئەندامێك ویستیان بە (نقطة نظام) خاڵی پەیڕەوی رای خۆیان دەرببڕن بەڵام لەلایەن سەرۆکی کاتیەوە رێگەیان پێنەدرا، ئەمەش پێشێلی پەیرەو بوو.

ئەوەی تێبینی دەکرێت دەبوایە هەر ئەمڕۆ دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێت بەڵام نەکرا، ئەگەر قسە لەسەر یەکریزی و سازانی نێوان لایەنەکانە ماوەی (١٠) رۆژ بەسەر پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە کەچی هیچ جوڵەیەکی سیاسیی لایەنەکان نەبینراو هیچ رێکەوتنێك ئەنجامنەدراوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەمڕۆ رۆژێکی مێژوویی بوو بۆ هێنانە کایەی وەرچەرخانێك لە رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو، کەچی زۆرینەی بەرپرسە بڕیار بەدەستەکانی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە دەرەوەی کوردستانن.

لەلایەکی ترەوە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان سوێندیان خوارد کە "بەرژەوەند گەلی کوردستان و شکۆ و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان بپارێزن" کەچی لە هەمان کاتدا هەم ئەندامان سوێندەکەی خۆیان شکاند و یاسایان پێشێلکرد، هەم زۆرینەی فراکسیۆنەکانیش (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، ئازادی، هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی، ئەنجومەنی گەلی کلدان سریان ئاشوری، رافیدەین، پارتی گەشەپێدانی تورکمان، پارتی چاکسازی تورکمان، میللەت، سەردەم) پێشنیارێکی نایاساییان کرد سەبارەت بە هەڵنەبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و هێشتنەوەی دانیشتنەکە بە کراوەیی.

ئەمانە هەمووی ئاماژەی مەترسیدارن لە دەستپێکی ئەم خولە تازەیەدا کە رێکنەکەوتن و کەمتەرخەمی و نیەتی ئەو لایەنانە دەردەخات.

بەو هیوایەی خولی پێنج لەئاست ئەو بەڵێنانەدا بێت کە لەساتی بانگەشەدا لایەنەکان بەخەڵکی کوردستانیان دابوو.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٨/١١/٦**

---

ناونیشان:سلێمانی–شەقامی سالم–کوردستان مۆل، شوقەی ١٢–ئیمەیل payinstitute@gmail.com - sarwary74@yahoo.com ٠٧٧٠١٥٦٤٥٧٦-
٠٧٧٠١٤٦٥٧٣٣- http://payied.org/- https://www.facebook.com/payinstitute/